
# زیاد بوونی تاوان لە هەرێمی کوردستان



# زیادبوونی تاوان لە هەرێمی کوردستان


تاوان دیاردەیەکی کوشندەیە لەسەر گەل و  مەترسییە بۆسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی. ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە پێناسەیەکی کورت شی دەکەینەوە: بریتییە لە دڵنیابوونی تاك لەخۆی و سەروەت وسامانی، هەستکردن بە ئاسوودەیی و نەترسان لە ژیاکردنی.

زۆرێك لە وڵاتان بە دەست تاوانەوە دەناڵێنن بەڵام ئایە چی هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان لە وڵاتێك ؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە پێویسە ڕێگای ئامار و لۆژیك بەکار بهێنین هەتاوەکو گەلی ئێمە ئاگاداری هۆکاری بەرزبوونەوەی تاوان بێت.

## تاوان لە فەرەنسا:


فەڕەنسا ڕێژەی هاوڵاتیانی دەگاتە 67 ملیۆن کەس، کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ڕەسەنی وڵاتەکەن. فەڕەنسا لە ساڵی 2010-2014 ڕێژەی تاوان  15% بوو، کە ئەمەش تا ئاستێك بەرزە بەڵام بۆ وڵاتێکی 67 ملیۆنی ئاستێکی وەها گەورە پێشکەش ناکات، بەڵام ئەم ڕێژەیە تەقینەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوەدی لەکاتی هاتنی لێشاوی ئاوارەکان بۆ وڵاتی فەرەنسا، لە نێوان ساڵانی 2014 نزیکی

3 ملیۆن بۆ 3 ملیۆنو 700 هەزار "ئاوارە" بەشێوەی نا یاسای کۆچیانکردووە بۆ ئەوروپا، بەڵام لە 2017 3 ملۆن و 900 هەزار بۆ 4 ملیۆن کەس هاتنە ئەوروپا، ئەم ڕێژە زۆرە لە "ئاوارە"ی نا یاسایی بووە هۆی تێکچوونی دیمۆگرافیای وڵاتانی ئەوروپی و هەروەها ئاسایشی کۆمەڵایەتی، هەر بۆیە لەم ئامارە بەتەنها لە وڵاتی فەرڕەنسا  دەبینین لە 15% تاوان گەیشتووە بە ئاستێکی هەرە گەورە  و مەترسیدار کە ئەویش 40% دەکات.




ئاماری تاوان لە هەرێمی کوردستان: ئاماری ئەنجوومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان کە بڵاوکراوەتەوە لەبارەی تاوان بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشانێکی بەرز بە تاوان نیشاندەدات، ئەم ڕێژە مەترسیدارە لە ساڵانی 2015 بەرەو سەر لە هەڵکشانی مەترسیداردایە و تا ئەمڕۆشمان هەر بەردەوامە، ئەو کاریگەری و فاکتەرانەی سەر بەرزبوونەوەی تاوان هەر لە سەردەمی هاتنی ملیۆنێك و نیو بۆ دوو ملیۆن عەرەب بوون بۆ هەرێمی کوردستان. ڕێژەی تاوان بە پێی ئەنجوومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2010 ( 11029) هەزار حاڵەتی تاوان بووە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی 2015 کەیشتووە بە (15298) هەزار و لە 2019 گەیشتووە بە (22651) حاڵەتی تۆمارکردنی تاوان. زۆربەی ئەو تاوانانە کە ئەنجامدراون گەورە کەتن و تاوان بووە واتا تاوانی کوشتن و دەستدرێژی....

# ئاماری ئەنجوومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان :




سەرچاوە: krjc.org   شێوەی ٢-٤ تاوان و کەتنی گەورە و نەوجەوان لە سنوری پارێزگای هەولێر پیشاندەدات


گەر وردتر لە بابەتەکە بڕوانین، دەتوانین ئاماری تاوان لەنێو شاری هەولێر بەردەست بخەین، لە شاری هەولێر بەتایبەتی لە ساڵی 2010 ڕێژەی تاوانی کە تۆمارکرابێت ( 1587) حاڵەتی تاوان بووە، لە ساڵی 2015 گەیشتووە بە

( 3191) وە لە ساڵی 2019  بەرزبووەتەوە بۆ ( 5408) حاڵەت. بۆ شارێکی وەك هەولێر لەماوەی ساڵێکدا تۆمارکردنی ئەم ڕێژە زۆرە لە تاوان مەترسییەکی گەورەیە و دەبێت ئاگاداری ببین.

گەر وردتر لە بابەتەکە بڕوانین، دەتوانین ئاماری تاوان لەنێو شاری هەولێر بەردەست بخەین، لە شاری هەولێر بەتایبەتی لە ساڵی 2010 ڕێژەی تاوانی کە تۆمارکرابێت ( 1587) حاڵەتی تاوان بووە، لە ساڵی 2015 گەیشتووە بە

( 3191) وە لە ساڵی 2019  بەرزبووەتەوە بۆ ( 5408) حاڵەت. بۆ شارێکی وەك هەولێر لەماوەی ساڵێکدا تۆمارکردنی ئەم ڕێژە زۆرە لە تاوان مەترسییەکی گەورەیە و دەبێت ئاگاداری ببین.

ئاماری تاوان لە پارێزگای هەولێر لەساڵی 2010 بۆ 2019



خشتەی ٤-٣ ژمارەی تاوان و کەتن گەوران و نەوجەوانان لەماوەی (١٠) ساڵ لە پارێزگای هەولێر پیشان دەدات

| | جۆرەکان | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تاوان | بەردەم | ١١٧٦ | ٢١٦٨ | ١٢٨٤ | ١٢٤٥ | ١٥٥٥ | ١٩٤٦ | ٢١٥٨ | ٢٧٥٨ | ٢٧٥٦ | ٣١٣١ |
| | یەکلایکراوە | ٤١١ | ٦٩٥ | ١٠٨١ | ٨١٠ | ٩٣٤ | ١٢٤٥ | ١٤٢٣ | ١٧٦٦ | ١٨٥٣ | ٢٢٧٧ |
| | کۆ | ١٥٨٧ | ٢٨٦٣ | ٢٣٦٥ | ٢٠٥٥ | ٢٤٨٩ | ٣١٩١ | ٣٥٨١ | ٤٥٢٤ | ٤٦٠٩ | ٥٤٠٨ |
| کەتن | بەردەم | ٤٧٧٩ | ٤٢٠٢ | ٤٨٥٥ | ٤١٢٩ | ٤٦٣١ | ٦٠٩٢ | ٥٩١٦ | ٦٤٤٣ | ٤٧٣٠ | ٨٦٢٨ |
| | یەکلایکراوە | ٤٠٢١ | ٣٠٧٦ | ٤٦٠٧ | ٣٦٩٠ | ٤٠٩٢ | ٥٢٣٠ | ٥١٢٤ | ٥٦٩٨ | ٤٠٨٥ | ٧٥٦٤ |
| | کۆ | ٨٠٠٨ | ٧٢٧٨ | ٩٤٦٢ | ٧٨١٩ | ٨٧٢٣ | ١١٣٢٢ | ١١٠٤٠ | ١٢١٤١ | ٨٨١٥ | ١٦١٩٢ |
| نەوجەوان | بەردەم | ٣٥٢ | ٢٧٩ | ٤١٦ | ٢٦٤ | ٣٧٩ | ٣٦٤ | ٣٢٧ | ٦١٨ | ٦٧٧ | ٥٤٩ |
| | یەکلایکراوە | ٢٩٠ | ١٨٤ | ٤٢٦ | ٢٧٦ | ٤٠٦ | ٤٢١ | ٤٠١ | ٧٦٩ | ٧١٨ | ٥٠٢ |
| | کۆ | ٦٤٢ | ٤٦٣ | ٨٤٢ | ٥٤٠ | ٧٨٥ | ٧٨٥ | ٧٢٨ | ١٣٨٧ | ١٣٩٥ | ١٠٥١ |
| کۆی گشتی | | ١١٠٢٩ | ١٠٦٠٤ | ١٢٦٦٩ | ١٠٤١٤ | ١١٩٩٧ | ١٥٢٩٨ | ١٥٣٤٩ | ١٨٠٥٢ | ١٤٨١٩ | ٢٢٦٥١ |

سەرچاوە: ئەنجومەنی باڵای دادوەری هەرێمی کوردستان

# هۆکاری بەرزبوونەوەی تاوانی لە هەرێمی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە ؟

هۆکارگەلێکی زۆر هەیە کە دیارخەری بەرزبوونەوەی تاوانن لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی و تێکچوونی بارووDۆخی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە نەتەوەی کورد ئێستا لەگەڵ عەرەبدا لەیەك خاکدا دەژی ئەم لەیەك نیزیکبوونەوەیە بووەتە هۆی تێکچوونی بارودۆخی نەتەوەی کورد و تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، کە ئێستا هیچ کوردێك گەرەنتی ژیانی خۆی نییە لە هەرێمی کوردستان و چاوەڕێی باردۆخێکی مەترسیدار دەکات کە لەناکاودا بارودۆخەکە بشڵەژێ. ئەم نا سەقامگیرییە دەروونییە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و لە ئایندەدا ئەنجامی زۆر نەرێنی و خراپی دەبێت بەسەر گەلی کورد، ئەمڕۆش کە ڕێژەی تاوان کە بەرزە و هەمیشە لە هەڵکشاندایە و بەرەو خراپی دەڕوات، هۆکارەکەی

تێکەڵبوونی دوو نەژادی جیاوازە کە لە هەموو ڕوویەك لەیەك جیاوازن، هەتا ئاستی ئاینیش دوو مەزهەبی جیاوازیان هەیە، ئەو دوو نەژادە کورد و سامییەکانن ( عەرەب).

## مەترسییەکانی عەرەب لە کوردستان سێ ڕەهەندی هەیە:

1 – ڕەهەندی سیاسی: لە ئەنجامی زیادبوونی عەرەب بە ڕێژەیەکی بێ شومار و زۆر، وە کۆبوونەوەیان لە شار و شارۆچکەکان و بوون بە زۆرینە لە زۆرێك لە گوند و گەڕەکەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان. ئەم زیادبوونە نا سروشتییە پاڵ بە عەرەبەوە دەنێت کە پارتی سیاسی و ڕێکخراوی مەدەنی دروست بکات، وە دەنگی زۆر باش لە پەڕلەمانی کوردستان مسۆگەر بکات، ئیدی چی دیکە باوی ئەوە نەماوە لەناو حزبە سیاسییە کوردیەکان خۆیان کاندید بکەن. گریمان ئەمڕۆ ئەم ڕێژە زۆرە لە عەرەب پارتێکی سیاسیان دانا و چوونە پەڕلەمان بە دەنگێکی زۆر کە مسۆگەرە گەر وابکەن، چی ڕوودەدات لە کوردستان ؟ ئایە ئێمە نابینە میوان لەسەر خاکێك کە باپیرانمان تیایدا ژیاون و داهێنانیان تێداکردووە؟ ئەو کەژ و کێوە جوانەی کوردستان هەموو عەرەبنشین دەبێت و ئەوکات تیر لەکەوان دەردەچێت و هیچ ئامرازێکی چاککردنی بارودۆخەکە نامێنێ، ئەوکات وەك فەڵەستینی و قەرەجەکان بێ خاك و بێ زەوی لەم وڵات و ئەو وڵات سەرگەردان و بێ لانە دەبین، ئەمە ئایندەیەکی چاوەڕوانکراوە.

2 – ڕەهەندی دیمۆگرافی: کوردستان لە دوو بڕگە پێکهاتووە ( کورد) و ( ستان) واتا خاکی کورد، ئەم وشەیەمان دەبێ لەیاد بێت (خاکی کورد)، واتا لەوەتەی کورد هەیە کوردستانیش بوونی هەیە چوونکە کوردستان موڵکی کوردە و بەس. بەڵام ئێستا کوردستان فرە نەتەوەییبوونی بەسەردا سەپاوە، واتا ئەوە دەستی کوردی تێدا نییە، بەڵام دەستی کورد لەوەدایە کە دەتوانێ

ڕێگری بکات. لەڕووانگەی دیمۆگرافی ئەو قسەیە پووچ دەکرێتەوە کە ( نەتەوە لەناو ناچێت) ئەم قسەیە خەیاڵە، نەتەوە کە خاکی لە دەستدا واتا مرۆڤێ گیانی خۆی لە دەستبدات، جا کەی گرینگە ڕۆح هەبێت یان نا ؟ کە جەستە مرد ڕۆح بایەخی نابێت، نموونە ئێستا هندییە سورەکانی ئەمەریکا، وەك ناو بوونیان هەیە بەڵام لە ژێر ئاڵای سپی پێستەکاندا دەژین، لە ژێر یاسای ئەواندا ملکەچن، خاکیان نییە و لە هیچ شارێکی ئەمەریکا زۆرینە پێکناهێنن، لەکاتێکدا خاوەن خاك خۆیان بوون پێش 200 ساڵ. سەیرێکی مێژووی کورد بکەین نموونەی لەدەستدانی خاك یەکجار زۆرە کە ناتوانرێ هەموویان لێرە باسبکرێت، نموونە ناوچەی ( هەوێنجە) کە ئێستا بووە بە حەویجە، کە 100 ساڵ لەمەوبەر پێش دامەزراندنی دەوڵەتی دەستکردی عێراق، ئەو ناوچەیە لە ساڵی 1936 بە تەواوەتی تەعریبکرا و خەڵکەکەی بە شێوەی سیاسی و بەناوی پرۆژە لەخاکەکە دەرکران و عەرەبێکی زۆر لە هۆزی (عەنزە،جبور...) نیشتەجێکران. بۆیە بەدووری مەبینە حەویجە بچووککراوەی کوردستان بێت لە ئایندەدا.

3 – ڕەهەندی ئاسایش ( ئەمنی): کوردستان لەپاش 2015 وەك ئاماژەمان پێدا عەرەبێکی زۆر هاتنە کوردستان و لە دەسپێکی شەری کورد و داعش، عەرەبەکانی ناوشاری هەولێر دەستیانکرد بە دروستکردنی گێرەشێوێنی و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لەناو شارەکە. عەرەب وەك دیارە بۆمبێکی تەوقیتکراوە و لەهەر دەرفەتێکدا بە کورددا لە شاری هەولێر دەتەقێتەوە، ئەم تەقینەوەیەش هەموو خێزانێکی کوردی جەرگسوتاو دەکات و مەترسی بۆسەر بوونی کورد دروست دەکات. جگە لە تیرۆر، وەك لە خشتەکانی سەرەوە دیارە تاوانی کوشتن و دزیشیان ئەنجامداوە و سڵیان لە بوونی دادگا و پۆلیس و ئاسایشی هەرێم نەکردۆتەوە، ئەم چاونەترسییە هۆکارەکەی بۆ نەرمبوونی کورد دەگەڕێتەوە بەرامبەر ئەم مەترسییە، کە سەرانی هەرێم هەستی پێ ناکەن و لە جیهانێکی دوور لە گەل دەژین.

# نموونەی تاوانەکانی عەرەب لە کوردستان

شەهیدکردنی خاوەن  زەوییەکی کورد لەلایەن کرێکارە عەرەبەکانی:




نموونەیەکی دیکە لە شەهیدکردنی خاوەنکاری کورد لەلایەن کرێکاری عەرەب



**نموونەیەك لە ئەنجامدانی تاوانی ساختەکاری لەناو هەرێمی کوردستان لەلایەن عەرەب:**

### پۆلیسی سلێمانی دەستگیرکردنی سێ تۆمەتباری ڕاگەیاند

هاوڕێ 29/05/2023 - 18:55 هەواڵ/کوردستانی

بەشی بکە لە



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی ڕایدەگەیەنێت، بەتۆمەتی مامەڵەکردن بەبریکارنامەی ساختە، مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی بەکرەجۆ سێ تۆمەتباریان دەستگیرکرد.

**سەرۆك هۆزێکی عەرەب لە هەولێر هەڕەشە لە کرێکاری کورد دەکات:**

---

### سەرۆك هۆزێکی عەرەب هەڕەشە لە چەند کرێکارێك دەکات




:: AM:11:43:08/08/2022

شەهیدکردنی پێشمەرگەیەك  لەلایەن عەرەب لە شاری کەرکوک

## لە کەرکووك کوردێك لەبەرچاوی هاوسەرەکەی کوژرا

نوێکراوەتەوە لە **May 3, 2020**



دەستدرێژیکردنە سەر گەنجی کورد لەلایەن 30 عەرەب لە پایتەختی کوردستان:



دزیکردنی عەرەب لە هاوڵاتیانی کورد لە سلێمانی:

کوردستان 26/09/2021

**لە سلێمانی کەسێکی بەرەچەڵەك عەرەب بە تۆمەتی دزینی زێڕ و پارە لە پێنج ماڵ دەستگیرکرا**



ئەمانەو سەدان و هەزاران جۆری تاوانی دڕندانە کە عەرەب بەرامبەر بە نەتەوەکەمان ئەنجامی داوە، ئێستاش ئەو ئامارانەی سەرەوە بە ڕوونی دەری دەخەن کە لە هەرسێ ڕەهەندی ( سیاسی ، دیمۆگرافی ، ئاسایش) کاریگەری نەرێنیان خستۆتە سەر گەلەکەمان، بۆیە پێویستە کە نەتەوەکەمان لەوە دڵنیا بێت کە هاوپا پێی بکرێت دژی ئەم مەترسیانە جەنگ دەکات، بۆ پاراستنی ئایندەی نەتەوەکەمان، بۆ سەرخستنی کوردستان و کورد، هاوکاری هاوپابن لەم جەنگەدا.